بەشی یەکەم

# ئەپارتایدی ئەتۆمی و ئایندەی ئێران

## ئایە بۆ ڕوخاندنی ڕژێمی ئیسلامی ئێرانیش پێویستە هێرشی سەربازی بەکار بهێنرێ؟

سەردار عبدالکریم عبدالله
Sardar24@hotmail.com

ئەگەر کەسایەتی ئەحمەد نەژاد لەو فکرە توندڕەوەیەی کە پشتیوانی لێدەکات جیابکەینەوە،وەک تاکێکی ئاسایی زیاتر نیە،بەڵام ئیمرۆ لە ئێران ئەحمەد نەژاد،واتە لانەدان لە بنەماکانی شۆڕشی ئیسلامی و پرنسیپەکانی ئیمام خومەینی.ئەم پرنسیپانەش بە کورتی واتە ولایەتی ڕەها،کە ڕابەر باڵاترین دەسەڵاتە، لادان لە فەرمایشی ڕابەر لادانە لە فەرمایشی خوا.

ئەم ململانێیە لە نێوان کاڵبوونەوە لە دەرویێشایەتی بۆ بنەماکانی شۆڕشی ئیسلامی و پرنسیپەکانی ئیمام خومەینی و وابەستەبوون بەم شتانە خاڵە سەرکیەکانی ململانێی نێوان باڵی پارێزەرەکان و ڕیفۆرمخوازەکانە.

بازاڕ- کۆمەڵگا - ئابووری

بەپێی ئەو ڕاپۆرتەی،لە سەرەتای مانگی ئەیلولی2005بانکی جیهانی بڵاوی کردۆتەوە،ئێران لە نێو ئەو178وڵاتانەی جیهان، گەشەکردنی ئابووریان بەخۆوە بینیووە،بە پلەی یەکەم لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بە پلەی29 یەم لەسەر ئاستی جیهان دێت.بەهای ئەم گەشەکردنە لە2004 بە6،3%مەزەندەکراوە. داهاتی گشتی ناوخۆی ئێران لە2004 گەیشتۆتە148ملیارد دۆلار، واش چاوەڕوان دەکرێ ئەو داهاتە لەساڵی داهاتوو بگاتە171 ملیارد دۆلار،واتە داهاتی گشتی ساڵانەی تاک لە 2134 دۆلار بۆ 2420 دۆلار بەرز ببێتەوە،[1] بەڵام ڕاپۆرتەکە ئاماژە بۆ ئەوەش دەکا،هێشتا لە ئێران ڕێژەی بێکاری و هەژاری زۆرە،ساڵانە 700 هەزار هێزی کاری نوێ دێنە نێو بازاڕی کارەوە،بۆ ئەوەی بتوانرێ ئەو هێزە بێکارەی وڵات لە هەمان ئاستدا بهێڵرێتەوە و زیاد نەکا، دەبی ئێران ساڵانە بەلانی کەم700هەزار بواری نوێی کار زیاد بکا. لەبەر ڕۆشنای ئەم ڕاپۆرتە،ساڵانە هێزی کاری چالاک بە بەهای 4% زیاد دەکا،لەبەرامبەردا گەشەکردنی ئابووریی ئێران تەنها دەتوانێ ئەوپەڕەکەی500هەزار بواری کاری نوێ مسۆگەر بکا.[2]

ڕەوەندی بازاڕ و بواری تازەی کاریش لە ئێران لەو ئاستە دانیە بتوانێ هێزی کاری چالاک لەم وڵاتە بۆ خۆی ڕابکێشێ،چونکە هەڵاوسان لە زیادبوون دایە،ئەگەرچی حکومەت هەوڵی داوە لە ڕێگای کۆمەکەک و کۆنترۆڵ کردنی بەهای دراو ئەم کێشە چارەسەربکا،بەڵام بێ سودبوو،لە کۆتایدا بووە گرفتێک لەبەردەم گەشەکردی ئابووری وڵات،چونکە ئەم کۆمەکانە لە ئاستێکی زۆر دیاریکراو سودی بەهەژارەکان دەگەیاند،ئەگەرچی ئەم کۆمەکانە لە بواری ووزە12%ی داهاتی گشتی ئێرانی بۆ تەرخانکراوە،بەڵام سودێکی وایان بۆ هەژارەکان نەبووە.[3]

کۆمسیۆنی ئابووری سەر بە پەرلەمان نایانەوێ ئاماری تایبەتی لە بارەی ژمارەی ئەو کەسانە بدەن،کە لەژێر ئاستی هێڵی هەژاری دەژین،بەڵام ڕاشکاوانە دان بەوەدەنێن،هەر تاکێکی ئێرانی داهاتی مانگانەی لە200 هەزار تومەن کەمتربێ،بە چینی هەژار حسابە.[4]

بەپێی ئەو ئامارە تایبەتیانەی سەبارەت بە هێڵی هەژاری لە ئێران ڕاگەێنراوە،تا ناوەڕاستی مانگی حوزەیرانی 2005، هێڵی هەژاری لە شارەکان بە240-250 هەزار تومەن،هی لادێکان بە

140-150هەزار تومەن لە مانگێک مەزەندە کراوە،بەم پێوەرە بێ، ئیمرۆ لە ئێران 10ملیۆن کەس لە ژێر هێڵی هەژاری ڕەها ژیان بەسەر دەبەن،هەروەها 10-20 ملیۆنیش لە ژێر هێڵی هەژاری ڕێژەیی دانە،ئەم ژمارانەش زۆر نزیکن لەو مەزندەی،کە ڕاپۆرتی بانکی جیهانی ئاماژەی بۆکردووە،کە ئەم هەژارانەی لە ژێر هێڵی هەژاری ڕەها دەژین بە9ملیۆن داناوە،بەپیی ئاماری ئەوان 4،5 ملیۆن کەس لەو هەژارانە،1،5ملیۆن خێزان پێکدەهێنن،لە لایەن حکومەتەوە چاودێری کۆمەڵایەتیان هەیە.ئەم10ملیۆن کەسەی کە داهاتیان لە مانگێدا لە نێوان15-150هەزار تومەنە،ئەگەر نرخی ئەو باجانەی ژیانیشی لێدەرکەین،کە ریژەکەی لە 4،7-5%ە،بەمە دەگەینە ئەو ڕاستیە،کە باری ژیانی ئەو هەژارانە چەند قورسە. بەپێی ئەو هەواڵە ئابووریانەی ناوەندی هەواڵی(ئیسنا)لە هەمان ماوە بڵاویکردۆتەوە،داهاتی چینی باڵا لە کۆمەڵگای ئێران،لە 2004 هەڤدە جار لە بەرامبەر چینی خوارەوەی زیادی کردووە، ئەم ژمارەیە بۆ بەرپرسەکان زەنگێکی مەترسیدارە.5

ئێران لە ڕووی چۆنیەتی ژیان،لە نێو(111)وڵاتی جیهانی بە پلەی (88)ەم دێ،لە نێو وڵاتانی کەنداوی هاوسێشیدا بە دوا وڵات دێ. داهاتی ساڵانەی سافی تاکی ئێران بە بەراورد لەگەڵ 17وڵاتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقا بە پلەی سێزدەهەم دێ، کە1750دۆلارە.6

لە ماوەی26 ساڵی ڕابردوو،کۆمەڵگای ئیرانی لە36 ملیۆن کەسەوە بوو بە68ملیۆن،ئەو نەوەی کە ئێستا پێگەیشتوون،نەوەی ڕۆژگاری جەنگی عیراق- ئێرانە،کە نزیکەی نیوەی سەرجەم دانیشتوانی ئێران پێکدێنن،ئەم هێزە زۆرە،بواری کار و ئارامی ناوخۆیی وڵاتی پێویستە،ئەم هێزە گەنجە، زۆرە و بێکارە،بۆمبێکی تەوقیتکراوە، ئەگەر بێت و بازاڕی کاریان بۆ دابین نەکرێ.7

ئەگەر ئەو ڕاستیە وەبیرخۆمان بهێنینەوە،کە هۆی سەرەکی ڕوخانی ڕژێمی شا لە ئێران،دەگەڕیتەوە بۆ خراپی سیاسەتی ئابووریەکەی،کە تەنها بەشێوەیەکی سەرەکی پشتی بە داهاتیی نەوت بەستبوو، بەمەش بارێکی ناجێگری،بەهۆی ناجێگیری لە نرخی نەوت لە ئابووری وڵات دروست کردبوو،ئەمەش بووە هۆی گرانی و ئالۆزبوونی ژیان و گرانی کرێی خانوو،زۆر بوونی بێکاری. بەهەمان پێوەر،ئێستاش ئێران هەر پشت بەم بوارەوە دەبەستێ بۆ دەستەبەرکردنی بەشی زۆری داهات و بودجەی وڵات.

80%ی چالاکیە ئابووریەکانی وڵات لە ژێر کۆنترۆلی حکومەتە، بۆماوەی چەندین ساڵە بواری پیشەسازی لە ئێران لە ژێر سایەی کۆمەڵێ ڕێسا و یاسای کۆنی دەوڵەتی بەردەوامە،ئەگەر بێتوو بەپێوەرە تازەکانی چاودێری نێودەوڵەتی ئەم کارگانە کاربکەن، ئەوە زۆربەیان دادەخرێن و زۆر لە کرێکارەکان بێکاردەبن. ئەگەر ئێران هەوڵنەدا پەیوەندیەکی لۆژیکی و پارسەنگێک لە نێوان هەناردە و هاوردەکانی غەیرە نەوتی دروست نەکا،ناتوانی مەترسی ئەم لەشکرە گەورەیەی بێکاری لە ناوخۆی وڵات لغاو بکا. ئەم سیاسەتە چەوتەی ئێران لە بواری ئابووری بۆتە هۆی بەفیرۆدان و فرۆشتنێکی بی بەرنامە لە سامانی مللی وڵاتدا بە تایبەتی لە بواری نەوتی خاو.8

بەڕای ئابووری ناسانی ئێرانی،بەشێکی زۆری کۆمەڵ لە پەڕاوێزی بازاڕ دەژین و لە داهاتی نەوت بێبەشن،زۆربەی داهاتی نەوتەکە بۆ دەلال و کەل و پەلی هاوردە تەرخانکراوە،بەڵگەش ئەوەیە،لە ڕۆژگاری شا لە ئێران ژمارەی فرۆشیاران(400)هەزار بووە،کەچی ئێستا دوو ملیۆن فرۆشیار بوونی هەیە،لەڕاستیدا سەرجەم خەڵکی ئێران پێویستیان بە 300هەزار فرۆشیار هەیە،9 تا هەر هەزار نەفەرێک 5 فرۆشیاریان بەرکەوێ،ئەمەش وایکردووە چینی بازاڕ گەشە بکا، ئەم بازرگانانەش ئامادە نەبن سیستەمی باجی داهات بە شێوەی تازە و هاوچەرخ قبول

بکەن،بە بەهانەی ئەوەی شەرع ڕێگا نادا،چونکە لە بڕی ئەو باجە دەوڵەتیە هاوچەرخە،کە فاکتەری بەهێزکردنی ئابووری دەوڵەتە، ساڵانە لەڕێگای خومس و زەکاتی شەرعی20%داهاتی ساڵانەیان دەدەن بە مەرجەعەکان. لە هەندێ وڵاتی پێشکەوتوو،لە سەدا سەدی بودجەی وڵات لە ڕێگای باجی داهاتەوە دابین دەکری،بەڵام لە ئێران تەنها لە 30%ی پێکدەهێنێ،هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ نەدانی ئەم باجە بە بیانووی شەرعی.

ساڵانە بەهای ئەو وزە لە ئێران بەکاردەهێنرێ خۆی لە20ملیار دۆلار دەدا،ئەم بودجەیە بە بەراورد لەگەڵ بودجەی ستاندەردی جیهان و بەپێی ناوچە جیا جیاکانی ئێران لە 4 تا 6.2جار لەم ڕێژەیە ستاندەردە زیاترە. بەپێی ڕاپۆرتی بریتش پترۆلیۆم ئاستی بەکارهێنانی ڕۆژانەی نەوتی خاو لە نێوخۆی ئێران،لە2004خۆی لە 1،551ملیۆن بەرمیل داوە،بە بەراورد لەگەڵ2003، ئەوە1،5% زیادی کردووە، ئەگەر ڕێژەی بەرز بوونەوەی ئاستی بەکارهێنانی نەوت لە ناوخۆی وڵات بەم کێرڤە بێ،ئەوە لە2024دا بۆ 4،115 ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا بەرز دەبیتەوە،چونکە بەشی ئێران لە بەکارهینانی ناوخۆیی نەوتی خاو لە2004 دا1،9% بووە.لەبەر ڕۆشنای ئەم ڕاستیەدا،ئێران بە پانزەهەمین وڵاتی بەکارهێنی نەوتی خاو لە جیهان دێ،بە بەراوردکردنی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی خاوی ئێرانی، کە لە2004 لە ڕۆژێک4،081 ملیۆن بەرمیل بووە،لەگەڵ ئاستی مەزەندەکراو بۆ بەکارهێنانی نەوتی خاو لە ناوخۆی وڵات لە2024 دا بە4،115ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا، ئەگەر وا دابنێین ئێران لەو ماوەیە ناتوانێ لەوە زیاتر بەرهەم بهێنی،ئەوە دەبێ ئێران لە 2024 بۆ پێداویستیە ناوخۆییەکانی نەوت لە دەرەوە بکرێ،لە دەولەتێکی نێرەرەوە ببێتە دەولەتێکی هێنەری نەوتی خاو،[10] ئەگەر وامان دانا،لەو ماوەیە ئێران دەتوانێ ئاستی بەرهەمهێنانی خۆی لەوەی هەیەتی زیاتر بەرز بکاتەوە،بۆ ئەو هەنگاوە،دەبێ نوێکاری و گۆڕانکاری چاکتر لە ئامرازەکانی بەرهەمهێنان بکا،بەمەش دەبێ بەشێکی بەرچاو لە داهاتەکەی بۆ سوان(نوێکردنەوە)و گەشەپیدان تەرخان بکا.لەو بارودۆخەدا ئەگەر ئێران هەمان سیاسەتی ئابووری پەیڕەو بکا،کە پشت بەستنە بە بازاڕی فرۆشتنی نەوتی خاو،ئەوە لەبەر ڕۆشنای ئەو زانیاریانەی سەرەوە،ئێران ناتوانێ لە ئایندە وەک وڵاتێکی بەرهەمهێنی سەرەکی و فرۆشیارێکی گەورە نەوتی خاو لە جیهان بمێنتەوە.

لە سایەی ئەم جۆرە سیاسەتەی ئێستای ئابووری ئێران و سیستەمی ولایەتی ڕەها و دەوڵەتی ئایدیۆلۆجیای ،ئەوە:

- بە پێی بنەماکانی شەریعەت،ناتوانرێ سیاسەتێکی گونجاو بۆ سنووردانان لە بەردەم زاوزێ و زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان دابنرێ، هەر زیاد بوونێکیش لەم ژمارەیە،قوڕسکردنی ئەرکەکانی دەوڵەتە.

- بە پێی بنەماکانی شەریعەت، باجێ دەوڵەت ناتوانێ شوێنی بە باجی شەرعی،زەکات و خومس بگرێتەوە،کەواتە دەبێ بازاڕی نەوتی خاو ئەم لاسەنگیە لە پارسەنگی داهات و بودجە چارەسەر بکا،مێژووی ئێران شایەدی خراپی لەسەر ئەم ئەزموونە داوە.

- ناتوانرێ تەعەدودیەت بە مانا سیاسیە هاوچەرخەکیەی لە کۆمەڵگای ئیرانی پەیڕەو بکرێ،چونکە لە سایەی ولایەتی ڕەها تەنها سەنتەرێک بۆ فرۆشتنی سیاسەت و دانانی یاسا،ئەوە سەنتەری دەسەڵاتی ڕابەر و ئیسلامە،بەمەش بوار لە بەگەڕخستنی سەرجەم ئامێرەکانی دەوڵەتی تەسک دەبێتەوە، کەواتە بوار لەبەردەم بەشدار بوونی بەشی هەرە زۆری هاوڵاتیان لە بەڕێوەبردن و کارکردن،چەسپاوە و گۆڕانی تێ ناکەوێ، بەمەش بازاڕی کار لەبەردەم هێزی کاری تازە و هێزی کارە کۆنەکە بە داخراوی و بێ گۆڕانکاری دەمێنتەوە.

- لەم بارودۆخەدا،دەبێ کۆمەکە حکومیەکان لە بواری چاودێری کۆمەلایەتی،کارەبا و سوتەمەنی زیاتر بکرێن،ڕێژەی نەوتی خاو بۆ بەکارهێنانی ناوخۆی ولات زیاتربکرێ،لەئەنجامدا بودجەی بەڕێوەبردنی حکومەتیش دەبێ زیاتر بکرێ،بە تەئکید تەنها سەرچاوەیەک بۆ ئەم زیادکردەنە،لەسەر حسابی داهاتی فرۆشتنی نەوتی خاوە،بۆیە بە زیادکردنی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی خاو،هیچ گۆڕانکاریەکی پۆزەتیف لە باشکردنی بارودۆخی ژیانی ئابووری هاولاتی هەژار دروست نابێ،تەنها بەفیرۆدانێکی بێ بەرنامەی سامانی سروشتی ولاتە و چاوەڕوانکردنی زیادبوونی قەیرانە ئابووریە ناوخۆیەکانە،لە کۆتایشدا لە دەولەتێکی فرۆشیاری نەوتی خاو دەبێتە دەولەتێکی کڕیاری نەوتی خاو.

ئەگەر ئەوە ڕاستیە بزانین کە ڕێژەی بەکارهێنان لای هەر سێ گەورە بەکارهێنەری نەوتی خاو لە جیهان،ئەمریکا 24،9%،چین 8.2% و ژاپۆن 4،6% بووە،[11] کە ژمارەی دانیشتوانیان زۆر لە ئێران زیاترە و لە دەولەتە مەزنەکانی بواری پیشەسازینە، ئەوکاتە دەزانین کاریگەری بەکارهێنانی وزەی ناوخۆیی و زیاد بوونی ژمارەی دانیشتوان،لە سایەی ئەم بەرنامە سیاسی و ئابووریەی دەولەتێکی ئایدیۆلۆجی-ئاینی ئایندەی گەشەکردنی بازاڕی کار و بە پیشەسازی کردنی ئێران چەند قورسە،کاریگەری گەمارۆیی ئابووری چ کارەساتێک لە ئێران دروستدەکا.

بۆیە ئێران ناتوانێ ببێتە زلهێزێکی گەورەی مەترسیدار لە ناوچەکە،گەڕانەوەی پارێزەرەکان بۆ سەر حوکم بۆ زیاتر دانووسان و خۆ نیشاندانێکی دۆنکیشۆتانەیە،چارەسەر بۆ سەرجەم کێشەکان لە ئێرانێکی کراوەی،دوور لە بیروباوەڕی چەقبەستوو "متەحەجرینەکان"ە.[12]

---

سەرچاوەکان:

1-خبر گزاری فارسی واحد اطلاعات اکونومیست لە 31 تیر1384(2005/7/22) بابەتی نرخی رسمی بیکاری در ایران 14 در صد است،www.roshangari.net،هەروەها بابەتی"ایران بالاترین رشد اقتصادی خاورمیانه را دارد"،سه شنبه،25 مرداد 1384،لە www.sharifnews.com ،هەروەها بابەتی دولت خاتمی،لە لاپەڕەی ttp://fa.wikipedia.org/. لە بارەی هەمان بابەتەوە بخوێنەوە.

2-خبر گزاری فارس، گزارش بانک جهانی در باره مشکلات اقتصاد ایران ،2-9-2005، www.roshangari.net .

3- هەمان سەرچاوەی ژمارە 1،هەمان بابەت.

4- لە ئاژانسی ایسنا، افراد با درآمد 200هزار تمن در ماه جزء طبقه فقیر جامعه محسوب می شوند،2005/7/10، www.roshangari.net.

5- عضو انجمن اقتصاددانان ایران*10 ملیون نفر زیر خط فقر*،2005/6/17، www.roshangari.net .

6- خبر گزاری فارس، 1،7ملیون نفر از ایرانیان زیر خط فقر مطلق قرار دارند،، www.roshangari.net .

7- یحیی فتحی،بیکاری و پیامدهای مختلف اجتماعی، فرهنگی و سیاسی آن،مجله اقتصاد،دوره دوم/سال اول/شماره هشتم، ص8.

8- هەمان سەرچاوە کانی ژمارە 18، هەمان بابەت و لاپەڕەکان،هەروەها بابەتی چشم اندازی آینده، ttp://fa.wikipedia.org

9- انحراف سرمایەهای ایران به سمت واسطه گری آشکار است، www.roshangari.net, 2005/7/24

10- ایران در سال 2024 به واردکننده نفت خام تبدیل خواهد،2005/8/26، www.roshangari.net .

11- مصرف انرژي در ایران 6 برابر استاندارد جهاني است،ڕۆژنامەی کیهان-چهارشنبه4 آذر 1383/ 24نوامبر2004،سال شصت وسوم-شمره 18104.

12- هەندێ لە لایەنەکانی سەر بە باڵی ڕیفۆرمخوازەکان، ووشەی موتەحەجرین بەکاردەهێنن بۆ توندڕەوەکان.